کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:34 12-8-2007

# ئازادی عەشق ، یان ...!!

شادیە حسن

یەکێك لەخواستە هەرەگەوەرەکانی مرۆڤ دوای گەیشتنی بەهۆشیاری و بیرکردنەوە مەسەلەی ئازادی عەشق بووە هەزارەها قوربانیش لەپێناوی ئەوئازادیەدا دراوەو هەزاران چیرۆك و داستانیش لەبارەی عەشقەوە هاتونەتەبوون... ئەگەر چیرۆکەکانی سەرەتا بەزمانی ئەفسانە دەستی پێکردبێت، کەدواتر دەبێتە بنەمای بیرکردنەوەی زۆرینەی مرۆڤایەتی و دەکەونە ژێرکاری گەری ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەوە لەبارەی قەشقەوەو لەسایکۆلۆژیەتیاندا دەچەسپێت... بەبوونی چەندین ئەفسانەی گەورە لەبارەی عەشق و قوربانی دا لەپێناوی دا قۆناغ دوای قۆناغ نوسین و چیرۆك دەرباری عەشق زیادەکات مرڤەکان زیاتر ئالودەی عەشق دەکات و، چیرۆکەکانی ناکامی عەشق سەر هەڵدەدات و زامی گەورە لەناو دڵی



مرۆڤەکاندا دروست دەکات، چونکە ژیان بەبی عەشق مانایەکی نییە و دەبێت ئینسان هەرلەتەنیایی دا ژیان بگوزەرێنێت، بۆئەوەی ئینسانەکان لەتەنیایی رزگاریان بێت عەشق دەکەن... بەپێی ئەفسانی ئادەم و حەوا مرۆڤ بەهۆی عەشقەوە دەتوانێت نیوەکەی تری بدۆزێتەوە، (1) فرۆم دەڵێت (هۆشیاری سەبارەت بەجودایی مرۆڤایەتی، بەبی هۆشیاری سەبارەت بەدووبارە یەکگرتنەوە بەهۆی عەشقەوە سەرچاوەی شەرم لەهەمان کاتیش دا سەرچاوەی گوناهو پەشێویە) ، ئەگەر لەڕوانگەی ئەو ئەفسانەیەوە لەمەسەلەی ئازادی عەشق بروانین دەگەین بەوراستیەی کەسەرچاوەی نائارمی و دڵەڕاوکی ئینسانەکان دەگەڕێتەوە بۆهەستی لاوازی ئینسانەکان بۆعەشق، کاتێك ئینسانەکان دوور لەعەشق ژیان دەکەن، ئەوابەدڵنیایی نیوەی ژیانیان وونکردووەو تانەیدۆزنە لەبێهودەیدا دەژین... هەربۆیە (2) پۆڵس دەلێت (ئەگەر بەزمانی هەموو خەڵکی سەرزەوی و فریشتەکان ووتوویژ بکەم و عاشق نەبم، ئەوا دەنگ دانەوەم بەئەندازەی مس دەنگ دەداتەوە، ئەگەر خاوەنی بەهرەی پێشبینی بم وشارەزای تەواوم لەبارەی هەموو نهێنی و زانستێك هەبێت و،ئەگەر بیرو باوەڕم بگاتە ئەو ڕادەیەیی کەبتوانم کێوەکان جێ بەجێ بکەم و، عاشق نەبم هیچم، ئەگەر تەواوی سەروەت و سامانم بەسەر خەڵکی فەقیر دابەش بکەم و بگرە ئەگەر لەشی خۆم لەپێناوی خودادا بەئاگر بسپێرم و خاوەنی عەشقێك نەبم، هیچ سودێك بەخۆم ناگەیەنم) ، لێرەوە دەردەکەوێت کەعەشق چەندکاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەکان هەیە و مرڤەکان بەبی عەشق ناتوانن لەژیانی ئاسودەیی دور لەنامۆیی بەهرەمەندبن... کاریگەری عەشق لەسەر ئینسانەکان سنووری نییەو ناتوانرێت پێناسەیەکی دیاری کراوی پێببەخشرێت، چونکە پێناسەی عەشق بەقەدەر هەموو ئەو ژن و پیاوانەیە کە عەشق دەکەن، هەر پەیوەندیەکی عاشقانەی نێوان ئینسانەکان خاوەنی پێناسەو تایبەتمەندی خۆیەتی، دیارە عەشق تەنها یەك جۆری نی یە و چەندین جۆر لەخۆدەگرێت، بەلاَم ئەوەی من لەم نووسینەدا قسەی لەسەر دەکەم عەشقە لەنێوان (نێر و مێ) دا، ئەگەرنا (عەشقی ئینسان بۆخودا، عەشقی ئینسان بۆ نیشتیمانەکەی، عەشقی ئینسان بۆ ئازادی... هتد) ، ئەمانەش هەرعەشقن، بەلاَم عەشقی نێوان دوو ڕەگەز کە تەواوکەری یەکدین وکاریگەری زۆرترەو. چونکە ژیانی هەستەوەری ئەو دووڕگەزەیە ژیان بەرهەدەهێنێت و پەیوەندی عاشقانەی ئەوانە عەشقەکانی تر دەخولقێنی... بەبی بوونی ئەو دوو ڕەگەزە ئەوانی تر بوونیان نییە... لەگەڵ ئەوەی عەشق کاریگەرترین جۆری سۆزداریەو ئینسانەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەئالودەی بوون ناتوانن دەست بەرداری بن، بەڵام زۆرجاریش ئینسانەکان لەپێناوی دا دەبنە قوربانی ئەو هەستەیان لاپەڕەکانی مێژوو لێوان لێوە بە قوربانییەکانی عەشق، یەکێك لەونمونانە لەسەدەکانی ناوەڕست دا ڕوی داوەو کراوەتە نوسین، وەك نمونەیەك بۆدڵ ڕەقی و ئازاردانی عاشقان و ناکام کردنیان. وەك لەم نمونەیەی سەردەمی ئەوروپا دا دەردەکەوێت (3) (جیسمۆند کچی تانکریەی پاشای سالیرتۆ دەکەوێتە دوای خۆشەویستی جیسکاردۆوە، کە یەکێك بووە لە یاساوڵە وە جاخزادەکانی باوکی، جیسمۆندی شا کچ بە دەیان میرو ئاغا و بەگی قۆزو دەسەڵاتداری دەبینی، کە هەموو لەخوایان دەویست پێیان قایل بێت، بەڵام کەس وەك جیسکاردۆ تەلی دڵی نەهەژاند، چونکە نەك هەر لاوێکی شۆخ، بەڵکە زیرەك و وریا و خاوێن و دڵپاك و دڵسۆزیش بوو، کە پاشای باوکی لە ڕقانا جیسکاردۆی نەدارو نەناسراوی کوشت لە جامێکی زێڕدا دڵی بۆی نارد، جیسمۆند دوای ئەوەی هەر لەو جامەدا ئەو زەهرەی ئامادەی کردبوو خواردیەوە و بەر لەوەی چاوە گەشەکانی لێك بنێت ڕووی دەمی کردە پاشای باوکی و پێی گوت!

باوکی بەڕێزم! ئێمە هەمووومان بەرهەمی یەك دەست و یەك کەرەسەین... چاکەو ڕەوشت جیا کەرەوەی یەکەمی مرۆڤن یاسا بائەوەی لەیاد کردبێت، بەڵام سروشت هەرگیز لە یادی ناکات... باوکی بەڕێزم گەر بەسەنگی ڕەوشت و چاکە ئەوانەی دەوروبەرت بکێشێت دەبینێت کەسیان ناگاتە قوڵە پێیی جیسکاردۆ.... هەژاری. باوکی بەڕێزم، لە سامان و پارەوپوول بێ بەریمان دەکات، بەڵام ناتوانێت دەست بۆ ئابرومان ببات) ، هەڵبەتە شوبهاندنی عەشق بەمەسەلەی مۆراڵەوە بۆخۆی ئەوەدەسەلمێنی هەموو شتەکان لەچاو عەشق دا دەبێتە سفر و عاشقەکان تادواین هەناسەیان ئامادەی قوربانی دانن، لێرەوەیە دەتوانین بڵێین عەشق خود خودابیەو لەوپەیوەندیەدا هەمووبەرژەوەندیە مادیەکان کۆتاییان دێت ئەو دوو ئینسانە دەبنەیەك... بەدیوێکی تریش دا عەشق نەمرەو دەمێنێتەوەو نامرێت، ئەگەر زۆر جار ئەو دوو عاشقە لەڕۆی جەستەییەوە دوریش بن لەیەك، ئەو پەیوەندیە ڕۆحیەیان بەر دەوام دەبێت، بەومانایەی عەشق ئاوانابێت و زۆرجار دەبێتە سەرچاوەی داهێنان، پیترارك یەکێکە لەو نمونانەی کاتێك عاشقی لۆرادەبێت دواتر دەبێتە سەرچاوەی داهێنانەکانی و لەبەرهەمەکانی دا ڕەنگ دەداتەوە و دەلێت (4) (سەعات یەکی ڕۆژی شەشی نیسانی ساڵی1327 بۆ یەکەم جار لە کڵێسەی سانتا کلاری شاری ئەڤینیۆن چاوم بە لۆرا کەوت کە لە گۆرانێکانمدا دەنگی دایەوە ساڵی1348یش هەر لەو شارە و هەر لەو مانگ و ڕۆژ و سەعاتەدا ئەو خۆرە لە ژیانمدا ئاوا بوو) ، ئالودەبوون بەعەشق و ئاکامەکانی تاڕادەیەکی باش لەخۆرئاوا توانی ببێتە هۆکاری بەرهەم هێنانی ئازادی عەشق و وەك پەیوەندیەکی تایبەتی ئینسانەکان سەیر بکرێت و کەس دەست نەخاتە ئەو پەیوەندیە تاکانەییەوە، بەڵام لە خۆرهەڵاتی دواکەوتودا تائێستاش بەتوندترین شێوە ڕێگا لەئازادی عەشق دەگیری ئینسانەکان دەکەنە قوربانی ئەو پەیوەندیە مرۆڤانەیە، ئەمەش دنیایەك ئازاری لەلای عاشقان دروست کردوە، چونکە زۆرینەی جار ئاکامی عەشق بەناکامی دەگات، کەزۆر فاکتەر هەیە لەپشت ئەو بەناکام گەیشتنەوە، لەوانە تێنەگەیشتن لە عەشق، کەئەم فاکتەرە گرنگ ترینیانە، ئاسان نیەی کۆمەڵگایەك کە هەموو شتەکانی لەسەر بنەمای خێڵ و ئاین بێت، بتوانێت تێگەیشتنی هەبێت لەسەر پەیوەندیە ڕوحی و تایبەتیەکانی ئینسانەکان، چون ڕێگە دەدات ئازادی بیرکردنەوە دەربارەی پەیوەندیە سۆزدایەکان هەبێت، تا ئینسانەکان هۆشیار بن بەو مافەتاییبەتی یەی خۆیان، بەپێچەوانەوە هەموو پەیوەندیە سۆزدایەکان گوناهو حەرامە و با جیشی لەسەر کە کوشتنە، ئەمەش وای کردوە کە لەو لایەنەگرنگەی ژیانی هەستەوەری زۆر لاوازبین و تێگەیشتنێکی ئەوتۆمان لەبارەیەوە نەبێت و لەوەهی تێگەیشت دەربارەی عەشق بژین، ئەمەش لەزۆرترین حاڵەتدا ئازارەکانی ئینسانەکانی زیاد کردوە، چونکە ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئینسانە پێی وایە عەشقی کردوە لەکاتێك دا عەشقی نەکردوە، بەڵکو لەلای خۆی وایە عەشق دەکات و دنیایە وێنەی پێبەخشیوەو بوەتە هۆکاری بیرکردنەوەو خەیاڵی و بەردەوام ئەو وێنەیە لە خەیاڵی دا ئیش دەکات و ئەم دەیەوێت خۆی لەگەڵ بگونجێنی، کەدیارە ئەو جگە لەوەهمی عەشق شتێکی تری نەکردوەو ئەو وێنەیە خۆی بۆخۆی دروستی کردوە بەبێ گۆڕینەوەی پەیوەندی ڕوحی بووەوە، ئەم بەبینینی ئەو وێنەیە خۆی کردوەتەعاشقی، کەڕەنگە نەیتوانی بێت قسەشی لەگەڵ کردبێت تەنها بەخەیاڵی خۆی ڕێکی خستوەو بڕیاری تاك لایەنەی داوە کەعاشقی ئەو کەسەیە... کاتێك ئەو تاکە بەئاگادێتەوە کە لەوەهمدا ژیاوەو مومارەسەی حەقیقی عەشقی نەکردوە دووچاری ئازاری دەروونی و زۆرجار خەمۆکیش دەبێت و بێهوادەبێت بەژیان و دەبێتە کەسێکی دڵ ڕەق و هەندێك جار پەنا بۆ تۆڵە کردنەوە دەبات لەو کەسە... بەبێ ئەوەی ئەو کەسە بەو هەستەی ئەوی زانی بێت، یاخو تۆڵە لە کەسانی سەر بەو ڕەگەزە دەکاتەوە. لەکاتێك دا ئەم هیچ کات عەشقی نەکردوەو لەوەهمی عەشق دا ژیاوە، کەبەئاگاش دێتەوە دووچاری بەدبەختی دەبێت... دیارە ئەوە بۆخۆشەویستیش هەر وایە، لەو بارەیەوە فرۆم دەڵێت (5) (ئەو هەرگیز نەیتوانیوە بە شێوەیەکی چالاك خۆشەویستی بکات و بەحێهێشتنی بازنەی ئەفسوناوی ئیگۆی خودی خۆی، و ببێتە یەکێك لەگەڵ مرۆڤێکی دیکە، ئەوەی کردویەتی بریتی بووە لە گواستنەوەو ئاراستە کردنی پێداویستییەکانی بۆ خۆشەویستی کچەکەو هەست کردنە بەوەی لەگەڵ ئەو بوندا " لەگەڵ کچەکەدا " دەبێتە هۆی پراکتیزە کردن و ئەزموون کردنی " خۆش ویستن "ئەوە لەکاتێك دا ئەو تەنها وەهمی خۆشویستن پراکتیزە دەکات وبەس) ، هەڵبەتە ئەم جۆرە بیرکردنەوە تاك لایەنەیە بۆ عەشق و خۆشەویستی وای کردوە ئینسانەکانی کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی ژێر کەلتوری خێڵ وئاین بەردەوام لەوەهمدا بژین و نەتوانن بەلۆژیکیەوە لە پەیوەندیە ئینسانیە بڕوانن و ئازادانە مومارەسەی بکەن، هەربۆیە ئینسانەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بەردەوام لەئازادی عەشق دەترسن و هەزارو یەك جۆر ڕێگری ئایینی و خێزانی و خێڵەکیان بەدەوریا کێشاوەو سزاشیان بۆ داناوە، ئەمەش بوەتەهۆکاری ئەوەی قوربانیەکانی عەشق زۆر بێت، وەك لەپێشتر ئاماژەم بۆکرد لەکاتێکدا مومارەسەی وەهمی عەشق و خۆشەویستی کراوە.

تاکۆمەڵگا دواکەوتوەکان دەست بەرداری چەپاندنی هەستەکانی ئینسانەکان نەبن و ڕێگا بۆ ئازادی عەشق و خۆشەویستی چوڵ نەکەن، بەدڵنیایی ئینسانەکان هەر کۆیلەی وەهمی عەشق دەبن و لەئازاردا دەژین... بۆیە بەبڕوای من کاتی ئەوە هاتوە ئیدی لایەك لەژیانی ئازادانە هەستەوەری ئینسانەکان بکرێتەوەو، ئینسانەکان خۆیان بڕیار لەسەر پەیوەندی و هەستەکانیان بدەن و سیستمەکانی قەدەغە هەڵوەشێتەوە و ئازادی عەشق لەدایك بێت و کۆتای بەوەهمی عەشق بێت... ئەو پەیوەندیە وەك تایبەت مەندی خودی مرۆڤەکان سەیربکرێت و هیچ پێك هاتەیەك ڕێگری لی نەکات و بەناوی شکاندنی پیرۆزیەکانەوە ئەو هەستە جوانەی ئینسانەکان بکوژێت و ئازار و نامۆیی بکاتە میوانیان...

سلێمانی

2007/8/1

سەرچاوەکان:

1- هونەری خۆشەویستی- ن. ئەریك فرۆم - و. عوسمان حەسەن لا 15
2- نامەیەك دەربارەی عیشق جوانترین بەهرە – ن – پائولوکوئیلۆ – و – عمران هاواریی لا 28.
3- ڕێنیسانس لەگەڵ باسێکی تر- ن – د. کەمال مەزهەر – و - فوئاد مجید میسری لا 162
4- هەمان سەرچاوەی پێشو لا 152
5- لە ودیو زنجیرە کانی وهمەوە – ن – ئەریك فرۆم – لا 66

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.